# وێنه

وێرا
دەست بەرێ بۆ ئاوێنە
وێرا
دڵۆپ دڵۆپ
بچێتە سەر روخساری پایز..!!
وێرا
لە تابلۆی خەزاندا
نقوم بکا.
وێرا
سرودی نهێنی یەکانی
ناوبڵێ..!
وێرا
تەوقە لەگەڵ مردن بکاو بڵێ خۆشم
دەوێ ی..!!
وێرا
زەمەن
وێلی شکانو
وەرین بکا.
نەوێرا
لە چێژی ماچ بێ دەنگ بێو
غەرق
بوونی بیر بچێتەوە..!

# نیگا

بەکر ئاڵەیی

ئەوە نی یە
پەنجەکانی باران
ئاوی سەوزو
گەڵا تەڕەکانی هێواش
هێواش
دەبارێنێ..
چاوە ئاوساوەکانی کانیش
تاخۆر هەڵاتن
تیشکەکانی دەبەخشێتە
نیشتمان.
ئەوە دڵیشیم
وەرینی
ترپەکانی دەبەخشێ بەتۆ
سینگیشم
هەناسە تورەکانی
دەداتە بەفرو
سرودی تەژی بوونی
روح دەخوێنێ.
تۆش ماڵ ئاوا
نیگای خەواڵوت برژێنە
باسروشتی
نیشتیمانم
لە چاوت دا وێنەی گەشی
خۆی بنوێنێ...



"بەکر ئاڵەیی"

# شێتی

مەریوان فەتحی



کەریم
ڕێگە نەبوو پێیان بڵێم من ئاشقم
لە نێوان  شێتو ئاشقا
دوو هەزارو پێنج سەد شتی وەک یەک هەیە.
ڕێگە نەبوو پێیان بڵێم من شاعیرم
لەنێوان شێتو ئەویشا
سێ هەزارو پێنج سەت شتی وەک یەک هەیە.
ڕێگە نەبوو پێیان بڵێم من پێشمەرگەم
نە ئەرزو ڤێللا
نەکۆمپانیاو مەزرەعە
نە چوار ژنم هەیە
ئەی گوایە شێتی چۆنە؟!
ڕێگە نەبوو پێیان بڵێم:
نە دزم
نە مێبازو
نە گەوادم
تەنیا کوردایەتی دەکەم،
ئەمەش لێرە،
هەر خۆی شێتی شەرمەزاریو
سەر شۆڕی یە.
ڕێگە نەبوو پێیان بڵێم کە ئەکتەرن،
لەنێوان ئەکتەرو درۆزنیشا،
هەزارو یەک لەیەکچوونی مکوم هەیە..
من شێت بم یان ئاشقە رووتە
ئاشق بم یان شێتە رووتە
هەر شێتو ئاشقی کوردایەتیو دادپەروەریم
هەر دژی ئەکتەرە جامبازەکانم.

* *

ڕێگە نەبوو.. ئەگەر هەشبا
هەر هیچم بەوان نەدەگوت
چونکە شت بە(هیچ)ناگوترێ..
شێتی یە قسە بۆ (هیچ) بکەین.



# نیسێ

محمد ڕەسوڵ مراد

دار گەزۆکەم
ئەو ژیانەی پێش ناسینت
بەسەرمدا تێپەڕیوەو رابردووە
تکاکارم هەژمار نەکرێ
چونکە لێم بە هەدەر چووە
هۆ نازدارە دڵسۆزەکەم
لە بینینت تا ئاشانابیت
تاڵیو سوێریم زۆر چەشتووە
بۆیە هەر لە خزمەتتدام
پشوو لای من مانای نییە
لەفەرهەنگم دا مردووە
ئالێرەوە تێگەیشتم
رووحم هیچ کارێکی نییە..
بۆ خزمەتت درووست بووە.
دار گەزۆکەم گەر خدر وجوودی هەبێ..من خدرم
چوون گەزۆی لێوتم مشتووە.
لەوکاتەوە..
جەستەی من پارچەیەک رووحەو .. روح هەورێکە نیسێی بۆ باڵات
کردووە.

# لاڤان حەمە رەشید:
# حەق وایە بەرپرسان ئاوڕ لە هونەرمەندە ئافرەتەکان بدەنەوە

خاتوونی هونەرمەند لاڤان حەمە رەشید لەدایك بووی ١٩٨٠ ی شاری سلێمانیەو وێرای هونەری گۆرانی گووتن لە بواری شانۆو نواندنیش لەچەندین شانۆو درامادا رۆڵی بینیوەو ئێستا سەرقاڵی نواندنە لەفلیمێکی سینەماییدا لە دەرفەتێکدا بە پێویستمان زانیو لەم کورتە دیدارەدا هێنامانە دواندن.

**دیمانە:** خەبات محەمەد ساڵح

**زنار:** سەرەتای ئاشنابونت بەکاری هونەری چۆن بوو

**لاڤان:** نامەوێ وەڵامێکی تەقلیدیت بدەمەوەو بڵێم هەر لەمنداڵیەوە وەك زۆرێك وا قسەدەکەن بەڵام من زۆر هیلاك بووم بەیەکەم کاری(سی دی) تا بە ئەنجامم گەیاندو بۆ پێگەیاندنی خۆشم زۆر ماندووبووم.

**زنار:** کەس هاوکاری کردووی

**لاڤان:** زۆر کەم رێکەوتوە لە بوارە هونەریەکەدا دەستگیرۆیی بکرێم، لەرووی هاوکاری دارایش کەس هاوکاری نەکردووم بەتوانایەکی کەمەوە ئەو کارانەم کردووە بەداخەوە ئەو هاوکاریانەی هەیە تا دەگاتە دەستی هەموومان فەرقو جیاوازی زۆرە.

**زنار:** کێ شیعرو ئاوازی گۆرانیەکانت بۆ دادەنێ

**لاڤان:** هەندێکیان ئاوازی خۆمن، خەڵکێکیش هاوکاری کردووم

**زنار:** لە هیچ ئامێرێکی مۆسیقا شارەزای

**لاڤان:** کەمێك ئامێری عود دەزانمو بۆ کارەکانی خۆم سوودم لێوەرگرتووە

**زنار:** ئەی کێ ئاوازت بۆ دادەنێ

**لاڤان:** زۆر سوپاسی﴿ ئاراس کۆیی، ئەحمەد چاوشین، زیرەك محەمەدەمین﴾ ئەو هونەرمەندانە وەك ئاوازو مۆسیقا هاوکاریان کردووم.

**زنار:** ئەی لەبواری شانۆ کارت کردووە، کارەکانت چین

**لاڤان:** یەکەم کارم دیارە سەرەتا وەك ئەکتەرێك لەچەند کارێك رۆڵم بینیوەو دواتر وەك حەزی خۆم بۆکاری منداڵان پێمخۆش بوو خۆم لەو بوارەدا تاقی بکەمەوە چەند کارێکم کرد تارادەیەکی باش هەستم کرد خەڵك لەکارەکانم رازین.

**زنار:** دەکرێ بزانین ئەو کارانەی کردوتە چین

**لاڤان:** شانۆگەری(رێگا) نوسینی چیخۆف، شانۆگەری بەرەوخۆر دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش، شانۆگەری جەنابی موفەتیش، شانۆگەری( الصوره) ئەم کارەم لەگەڵ( تیپی نەتەوەیی بەغدا)، شانۆی ( مەملەکەتی الاسد) تیپی نەتەوەیی بەغدا، وەك دەرهێنەر چەند کارێکی منداڵانم کردوە لەوانە( شانۆگەری هاورێی منداڵان، شانۆگەری خەونی مشکەکان بۆ سەتەلایتی کوردستان، هەروەها لە فلیمێکی سینەماییدا رۆڵ دەگێرم کە خەریکە کارەکانی تەواو دەبن). هەروەها ئێستا سەرقاڵی سیدیەکم جارێ نامەوێ قسەی لەسەر بکەم چونکە هەندێك کاری ماوە.



**زنار:** لەم کارەتدا کەس هاوکاری کردووی

**لاڤان:** بەراستی زۆر پێیەوە ماندووبومو لەوانەیە نەتوانم تەواوی بکەم بۆیە دەڵێم حەق وایە لایەنە بەرپرسەکان ئاورمان لێبدەنەوە بەتایبەت ئێمەی ئافرەت چونکە ئێمە جیاوازیمان هەیە لەگەڵ هونەرمەندە پیاوەکان ئەوان لەوانەیە بتوانن لەزۆر دەرگا بدەن بەڵام بۆ ئێمە زۆر شت بقەیە. تەنها نامەوێ ئەوەت پێبڵێم کارە تازەکەم هۆنراوەکانی شاعیری بەرێز(عەبدولرەحمان بێلاف) ئاوازەکانیشی بریتین لە ئاوازی خۆمو چەند هونەرمەندێکی بەتوانا ئاوازیان بۆم داناوەو کاری دابەشکردنیش بەهەمان شێوە.

**زنار:** چی دیکە

**لاڤان:** زۆر سوپاس بۆ گۆڤارە ئازیزەکەی (زنار)هەر سەرکەوتووبن.



# باوکم دەزانێ کە بەمزوانە دەمرێ

شێرکۆ ئەحمەد - ئیتالیا

لەکاتی گفتوگۆی خێزانەکەماندا باس لەوە دەکرێ ئەو داواکاریەی لە هەموو داواکاریەکانی دیکە پێی گەورەترو جوانترەو خوازیارە بەئەنجام بگەیەنرێ ئەویش کۆکردنەوەی کۆی گشتی خێزانو باوانیەتی تاوەکو لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە تەبایی‌و ئاشتی شادبێت. ئەمە قسەی خاتوو«جولیانا»ی کچی «لۆچیانۆ پاڤارۆتی» گەورە دەنگخۆش‌و ناوداری بەتوانا لەبواری خۆشبێژی دەنگو ئاوازی ئیتالی لە ئاهەنگی ئۆپێرای‌و لیریکیدا کە لەدوا دیمانەیدا باسی دەکات بەهۆی تەلەفۆنەوە لێیپرسیوەو گووتویەتی" باشترمو خەریکی چارەسەرم" سالێك لەمەوپێش پاڤەروتی دوای ئەوەی زانرا کە نەخۆشی پەنکریاسی هەیەو بەهۆیەوە بێ ئارامو گۆشەگیرە نەشتەرگەریەکی بۆکرا. لەو وێنانەی دوای نەشتەرگەریەکە بلاوکرانەوە ئەوە بەدیدەکرا کە نزیکەی ٣٠ کیلۆگرامی کەمکردووەو پێویستی بە پایسکل بووە بەلام جولیانا ئەوە دووپات دەکاتەوە کەباوکی هێشتا بەهێزە. دوای ئەوەی لەسەرەتای پەیداکردنی ناوبانگی پاڤاروتی یەکەم هاوسەری دەگرێت دەبێتە باوکی سێ کچو جولیانا کچە گەورەیەتی (لۆرینسە)کچی دووەمی‌و(کریستینە) کچی سێیەمیەتی، پاڤاروتی دوای چەند سالێك ژنی دووەمی دێنێ‌و بەناوی (نیکۆلیتە)و لەویش دەبێتە خاوەنی کچێك بەناوی (ئەلیچێ)ی کچە بچووکی. ئێستا پاڤاروتی بەیانیانی بە وەرزشی دەنگو وەرزشی فیزیکی‌و ئێوارانی لەگەل کچی گەورەیی‌و دوانیوەرۆ خەریکی وانە گووتنەوەیە لەگەل سێ چوار قوتابیداو دەمەو ئێوارانیش لەگەل هاورێیانی خۆی بەیاری کارت بەسەر دەبات یاخود لەگەل ئەلیچێی کچی‌و نیکۆلیتەی خێزانیدا ئێواران بەسەر دەبات. بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بەو ناوداره پێویستیمان بە کەمێك لەبیبلۆگرافیایەتی: پاڤاروتی لە١٢/١٠/١٩٣٥لە شاری مۆدێنەی ئیتالیا لەدایك بووە. یەکەمین پرۆڤەی گۆرانی گووتن لەتەنیشت باوکە نانەواکەیەوە دەستپێدەکات کاتێك باوکی بەدەم کارەکەیەوە تاوە دەنگی بۆ گۆرانی گووتن هەلدەبری، ئارەزوو خۆشەویستی بۆ گۆرانی‌و هاودەنگ کردنی باوکی وای کرد کە ئەویش گوێبیستو ئارەزوی بۆ گووتن بجولێ، ئەوکاتە لۆچیانۆی کورە نانەوا هەست بەوە دەکات کە ئەویش نەغمەی گووتنی تێکەلاوی بۆ ئۆپێرا دەشێ‌و لەیەکەمین هەلی دەستگیریدا کە بۆ پێشبرکێیەکی نێودەولەتی سازدەکرێ بە پەرۆشەوە خۆی ئامادەی بیستنو گوێراگری دەبێ‌و ئاوێتەی گووتنو چریکەی ئۆپێراو بوێژی لیریکی دەبێت. بۆیەکەم جار لە ئاهەنگی مۆسیکی لە شانۆی«ریچۆ ئیمیلیا»بەشداری دەکات، لە ئۆپێرای«لە بۆهێمە»لە ٢٩/٤/١٩٦١لە نوسینی هێنری مۆرجەری فەرەنسی«١٨٢٢-١٨٦١»کە تیایدا رۆلی رۆدۆلفۆ دەبینێ. لە هەموو شارەکانی ئیتالیاو دواتریش ئەوروپاداو لەشارە گەروەکانی« ئەمستەردام، ڤیەننا، زیورخ، لەندەن»گوێبیستێکی زۆری بۆ پەیدا دەبێت تا دەگاتە بەهایەکی جیاواز لە پلەیەکی جیاواز. لەسالی ١٩٦٥لە مەیامی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەل پێشکەشکردنی ئۆپێرای« لۆچیە دی لامیرمۆر»نوسینی سەلڤەتۆرێ کاممەرانۆو موزیکی گاتیانۆ دۆنی زێتی‌و هاوکاری‌و دەنگی‌و چریکە ناوداره‌کەی دامێ جۆن سۆتهێرلەند لە دایك بووی ٧/١/١٩٢٦سیدنی کە کەم کەس دەنگی شیاوو لەباری ئەوی هەیە بۆ ئۆپێراو ئاهەنگی لیریکی بۆیە بەشێکی زۆری لە شانۆ ئۆپێراکانی سان فرانسیسکۆو نیۆیۆرك کە لە هەموو دنیای ئاوازو دەنگدا دەنگی پەیداکردو خۆشەویستانی ئۆپێرای لێنزیك بوونەوە. لە ١٧/٢/١٩٧٢توانای بێئەندازەی دەکەوێتە پێش گوێبیستانی لە کاتی پێشکەشکردنی ئۆپێرای«کچەکەی رێچمێنت» لە شانۆی میترۆپۆلیتان لە نیۆیۆرك کە یەکێکە لە ئۆپێرا ناوداره‌کانی فەنسی‌و لە نوسینی گایەتەدۆنی زێتی(١٧٩٧-١٨٤٨)کە هاوئاهەنگی گەورەترین ئۆرکیسترای جیهانی کردوە لە شانۆ گەورەکانی جیهاندا دەنگی تێکەل بە بیستیارانو خۆشخوێنانی ئۆپێرا دەکرد کە دەنگی شیاوی بۆ ئاهەنگەکانی ئیتالی‌و دیالێکتی ئیتالی(ناپۆلیانۆ) دەگونجاو زیاتر گوێبیستی دوای ئەو ئاهەنگەبێ ئەندازە زۆر بوو. بۆ پێشکەشکردنی پەخشی تەلەفزیۆنی لە چیرۆکە سەرەتاییەکانی ئەمریکاو بەرنامەی«ژیان لەگەل هەر کەسێ کەدێ»لەسالی ١٩٧٧ لەگەل پلاچیدۆ دۆمینیگۆ لەدایك بووی(٢١/١/١٩١) ئیسپانیا کە گۆرانیبێژو دەنگخۆشی ئۆپێرای کۆمیدی‌و شارەزای پیانۆ بەهێزەکان لەیادی تێپەربوونی ٢٥ سالەی کارە هونەریەکانیان لە پایزی ١٩٩٣ ئاهەنگو کارەکانی خۆیان دووپاتکردەوە وەك کارێکی تەلەفزیۆنی لەنیۆیۆرك. لە پارکی هایدی لە ئینگلتەرا بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ئەم پارکەدا ئاهەنگی مۆسیقای کلاسیکیان گێرا کە ٢٥٠هەزار گوێگری تێدا ئامادەبوو هەروەها شازادە دایاناو میر چارلزی مێردییشی ئامادەیبوون، هەروەها لەمانگی شەشی ١٩٩٣لەناوەندی پارکی نیۆیۆرك کە ٥٠٠ هەزار گوێبیست ئامادەبوونو بە ملیۆنەهای دیکە لەکەنالەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە گوێبیستی بووون. هەر هەمان سال لە مانگی سێپتەمبەردا لەژێر سێبەری بوورجی ئیڤیل لەپاریس ئاهەنگێکی تازەی سازکرد. لەدوای سالی ١٩٨٠ پاڤارۆتی چەشنی مامۆستایەکی لێزانو خاوەنی چەندین قوتابی کە مەشقی دەنگوگونجانی هەلبرینو دابەزینو چۆنیەتی بەکارهێنانی نەغمەیان دەکات کەلەچەندین شانۆی جیهانیدا گوێبیستانی دوای نەبوونی شوێن بۆ دانیشتنیانو گوێگرتنیان بە درێژایی ئاهەنگەکانی بەپێوە رادەوەستان. لە دوای سالی ١٩٩٢ وەك خۆبەخشی ئاهەنگ لەگەل رێکخراوی بێرلۆنی خێرخوازی بەشداری دەکات بۆ کۆکردنەوەی چەند سەرمایەیەك تا لەپێناو هەژارانو مندالانو ژنانی بێدەرەتان وەك هاریکاری‌و هاوکاری‌و کۆمەك بۆیان بەشێوەیەکی گشتی ئەو مندالانەی کە نەخۆشی(تالاسیمایان)هەیە تا بتوانێ لەرێگای دەسکەوتی ئاهەنگەکانیەوە چارەسەریان بۆ بکات. دواتر ئەم کارەی بەردەوامی وەردەگرێ‌و ئاهەنگی جودا دەگێرێ لەپێناو مندالانی قوربانی جەنگ لەگەل ناودارانی وەك (ئیلتۆن جۆن)ی ئینگلیزی لەدایك بووی ٢٥/٣/١٩٤٧ کە بۆ مندالانی بۆسنیەو هیرزۆگۆڤنیا لە شاری مۆستەر کە سەنتەری مۆسیکی پرایە. دوای ئەم کارەی هاوکات لەگەل دوو ناوداری دیکەی جیهانی لە ئۆپیراو ئاهەنگی لیریکیدا لە مۆدێنە ١٩٩٧ ئاهەنگێکی تازە دەگێرن بەناوی سێ دەنگدار لەگەل دۆمینگۆو کەرێرەس لەدایکبووی ٥/٢/١٩٤٦ئیسپانیا کە هەردووکیان لە گەورەترین ناودارانی ئۆپێرای جیهانن کە ئەوکات دەرئامەدی ئاهەنگەکەیان بۆ تازەکردنەوەی هەردوو شانۆی(لەفینێ چی) ڤینیسیاو گەورە شانۆی(گرانتیاترۆ دێل لۆچیۆ)ی ئیسانی دەبەخشن تا لەدیمەنو بەهاکانی هەردوو شانۆ وەك بیناو وەك مێژوویان لەکۆن بوون بەدوور بمێنن. لە هەمان سالدا نەتەوە یەکگرتوەکان نازناوی بالیۆزی ئاشتی پێدەبەخشێ بۆهەموو ئەوکارانەی ئەنجامیداو لەپێناو کەسایەتی هۆشیارو ئاشتیخوازی‌و گیانی هاوکاری‌و خۆبەخشی کارەکانی. لەسالی ١٩٩٨دا نازناوی کەسایەتی سالی پێدەبەخشرێ‌و لە هەمان سالدا بۆ مندالانی لێبیریا ئاهەنگێکی دیکە ئامادەدەکاو لەسالی ١٩٩٩ بۆ مندالانی گواتیمالاو کۆسۆڤۆ لەسالی ٢٠٠٠ بۆ مندالانی تیبتو کەمبۆدیاو ڤێتنام، لە ڤیستڤالی ٥٠ سالەی سان ریمۆن سالی ٢٠٠٠ پاڤەرۆتی بەشداری دەکات بۆ یارمەتیدانو نەهێشتنی قەرزەکان لەسەر ولاتانی جیهانی سێیەم.دواتر وەك هاورێیەکی ئەفغانیەکان ئاهەنگێك دەگێرێ لە پارکی ( نۆڤی ساد) لەشاری مۆدینە لەئیتالیا بۆ هاریکاریکردنی مندالانی پاشماوەی جەنگو هەژارانو پەنابەرەکان لەهە کوێیەك هەن.

سەرچاوە:-

رۆژنامەی corrier della sera

تەلەفزیۆنی rai uno